# چوار نووسەری تورک
# لەسەر سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

ڕێبوار ڕەشید
٢٠٠٥/١٠/٢٧

لەگەڵ دەربڕینی نیگەرانیەکانی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا سەبارەت بە سەردانەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کاک مەسعود بارزانی، بۆ ئەمەریکا و ناوبردنی ئەو وەك "سەرۆکی کوردستانی ئێراق" ڕۆژنامەکانی تورکیا بە بەردەوامی لەسەر هەمان باس دەنووسن.
پێشەکی جێی خۆیەتی بگوترێت کە هەنگاوە باش و بەسوودەکانی ئەو سێ ساڵەی دووایی کە لە کوردستاندا دەنرێن لە بێدەنگیدا تورکەکانی ناڕەحەت کردووە. تورکەکان بیری ئەو کاتانە زۆر دەکەن کە شەڕی یەکترکوژی لە باشووری کوردستان لە گەرمەی خۆیدا بوو، کە دەیانتوانی بە ئارەزووی خۆیان لە هەموو ڕوویەکی سیاسی و ئابووری و دیپلۆماسی و تەنانەت ئابووریشەوە لە ئەنجامەکانی بخۆن.
هەڵبژاردنی کەسێکی وەك جەلال تالەبانی بە سەرککۆماری ئێراق کە تورکەکان بەگشتی بەرانبەر خۆیان بە "ناڕاستگۆ" و "ناسیونالیستی لە ژێرەوەی کورد"، دەیناسێنن، هەڵبژاردنی کاك مەسعود بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یەکڕیزیی کورد لەو دوو ساڵەی دووابییدا، پەرلەمان، حوکمەتی کوردستان، دامەزراوەی حوکومی و مەدەنی و چالاکی هەمەجۆر، کردنەوەی دوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی کە لانی کەم بە مانای زیانی گەورەی ئابووریی بۆ ئەو دەوڵەتانە و کۆتایی هاتن دێت بەو هەموو دەستدرێژیەی لە ئەنکارا و ئەستەنبوڵەوە تا سەر سنووری هەردوو بەشی کوردستان، دەکرایە سەر کورد، کردنەوە و دامەزراندنی سەدان جۆر لە بناخەکانی ئینفراسترکتور، کۆمەڵە دەستکەوتێکن کە، بە هەموو کورت و کەمیەکیشیانەوە، بێگومان دەستەڵاتە داگیرکارەکان لە هەموو بوار و ئاستێکیدا ناڕەحەت دەکەن.
تورکیا بە هەرحاڵ لەم دوو ساڵەی دووابییدا نەیتوانیوە بە ئارەووی دڵی خۆی و وەکو جاران قازانجی سیاسی لە باشووری کوردستان بکات و بەڵام هەر جار و بار ئۆپشنی بەکارهێنانی هێزی سەربازی وەبیر کورد و ئەملاولا دەهێنێتەوە. مەبەستی بێت یان نا و پێ بکرێت یان نا شتێکی ترە، عیسا گوتەنی ناپاکیی هەر مەرج نییە بە کردەوە بێت، لە دڵیشدا ناپاکیی دەکرێت.
هەڵبژاردنی سەرۆکێك بۆ کوردستان مانای تایبەتی خۆی هەیە، ئێستا ئەو بەشەی کوردستان بە گوێرەی دەستوور "هەرێمی فیدراڵی کوردستانە" و کەواتە سەرۆکەکەشی دەبێتە سەرۆکی هەرێمی فیدراڵی کوردستان.
زۆربەی زۆری ڕۆژنامەکانی تورکیا کە هیچیان ناتوانن زمانحاڵی ئایدیۆلۆژیی ڕەسمیی دەوڵەت نەبن و لە وەفاداری شۆڤێنیزمی نەتەوەی سەردەست خۆ ڕزگار بکەن، باسی ئەم مەسەلەیە دەکەن و دڵنیگەرانی خۆیان بۆ خودی کارەکە و بۆ ئاکامە ئەگەرەکانی دەربڕیوە.
دوو نووسەری ڕۆژنامەی تورکیش دایەلی نیوس ئاوا باسی سەردانەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەمەریکا دەکەن:
یوسف کانلی، سەرنووسەری ڕۆژنامەکە، ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٢٧ وتارێکی بە ناوی "پێشمەرگەیەك لە ئۆفیسی ئۆڤاڵ ـ دا[1]" نووسی.
یسوف کانلی دەڵێت پێشوازی کردنی سەرۆکیانەی مەسعود بارزانی نابیت وەك ڕووداوێکی ئاسایی سەیر بکرێت. ئەو کارە "نیشاندانی ویستەیەکی بەهێزی سیاسیە لە واشینگتۆن لە قازانجی خواستی کوردەکانی ئێراق بۆ دەوڵەت هەبوون".[2]
کانلی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە "سەرۆکی کوردی هەرێمی باکووری ئێراق"[3] ناو دەبات. پاشان دەڵێت ئەمەریکا "مامەڵەیەکی سەرەککۆماریانە" لەگەڵ سەرۆکێکی کوردی ئێراقدا دەکات کە "بە

---

[1] لە ڕاگەیاندنی تورکیدا وشەی "پێشمەرگە" وەك سووکایەتی بەکار دەبردرێت.
[2] http://www.turkishdailynews.com.tr/article.php?enewsid=26868 It is a demonstration of the strong political will in Washington in favor of the Iraqi Kurds' aspirations to statehood.

بەردەوامی جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ خەونێتی". پاشان بەردەوام دەبێت "ئاڵای کوردستان جێی ئاڵای ئێراقی تەنانەت لەسەر دەروازەی سنووری خاپووریش گرتووەتەوە، و بەڕێوەبەرایەتی بارزانی سوورە لەسەر ڕیگا نەدان بە هەڵکردنی ئاڵای دەولەتی ئێراق لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتیدا"[4].

ئەوجا دەپرسێت: ئایا پلانی ئامادەباشیمان بۆ ڕووداوی خەتەرناکی شیاو هەیە کە ڕەنگە بەو زووانە ڕوو بدەن و سەراپای هەموو ناوچەکەمان بخەنە کارەساتەوە؟[5]

کانلی لە "ڕووداوی خەتەرناکی شیاو" و "کارەسات" مەبەستی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردییە.

پاشان بە مارشی نەتەوەیی تورکیی کۆتایی بە وتارەکەی دەهێنێت: "یەکێتی خاکی ئێراق و سەروەریی سنوورەکانی وردە وردە خەریکە دەبێت بە چیرۆکێکی بەر ئاگردان. دەبێت خەبەرمان بێتەوە و ئەم ڕاستییە ببینین و شتێك بکەین، چونکە یەکێتی ئێراق بۆ تورکیا، هەروەك بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە خۆی و بۆ سەراپای هەموو ناوچەکە گرینگە"[6].

مهمەد عەلی بیراند نووسەرێکی دیکەیە کە سەبارەت بە مەسەلەی کورد لەو تورکە میانەڕۆیانەیە کە پێیخۆشە لەگەڵ کوردی بەهێزدا دۆست بێت. ئەم هەمان ڕۆژ لە هەمان ڕۆژنامەدا وتارێکی نووسیووە و باس لە سەردانەکەی سەرۆکێ هەرێمی کوردستان، کە ئەم لەو دۆستایەتیەشیەوە هەر پێی خۆشە بە "باکووری ئێراق" ناوی بەرێت، وەك ڕووداوێکی مێژوویی و گرینگ بۆ کورد باس دەکات.

مهمەد دەڵێت کە ڕایگشتیی جیهانی و تورکیش ئەم پێشوازیە وەك دەربڕینی پشتگیری لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە باکووری ئێراق دەخوێننەوە. بەڵام بە قسەی ئەم ئەوا جۆرج بوش لەسەر هەبوون و دەرکردنی پ.ك.ك و مافی تورکەکان و پاراستنی یەکێتی خاکی ئێراق جەختی کردووەتەوە. پاشان بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "هەموومان ئەو ترسە دایگرتووین لەسەر کورد کە ڕۆژێك خوارووی ڕۆژهەڵات (مەبەستی لە کوردستانی بندەستی تورکیایە) لە باقی تورکیا جیا بکەنەوە. ئەم ترسە هێندە بەشێکی وا خۆداکوتاوە لە هەستی نەتەوەییماندا کە نەك هەر دانیشتووی کوردی هاووڵاتی تورك، بەڵکو هەموو کوردێك بووتە جێگەی گومان. کوردەکانی باکووری ئێراقیش بەشی خۆیان تاوانبار کراون. هەندێك لە ئێمە پێمان وایە کە ئەگەر دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیی لە باکووری ئێراق دابمەزرێت، ئەوا برا کوردەکانی خوارووی ڕۆژهەلاتی تورکیا یاخود کوردانی ناسیونالیست غیرەت لە برایانی باکووری ئێراقیانەوە وەردەگرن کە خۆیشیان داوای سەربەخۆیی بکەن. ئەم سیناریۆیە زۆر زێدەڕۆیی نییە. دەشێت ڕوو بدات. بە هەرحاڵ، هەموو ئەو هەنگاوانەی کە تا ئێستا ناومانە بۆ ڕێگەگرتن لە بەڕاستی دەرچوونی ئەم سیناریۆیە هەر گەیشتووەتەوە سەر چارەی سەربازیی[7].

---

[3] هەمان سەرچاوە and president of the Kurdish northern Iraq region

[4] هەمان سەرچاوە The United States is according "presidential treatment" to an Iraqi Kurdish leader who has continuously stressed that the creation of an independent Kurdistan is his dream. Kurdish flags have replaced the Iraqi national flag even at the Habur border gate, and Barzani's administration appears determined not to allow the Iraqi national flag to fly in the area under its control.

[5] هەمان سەرچاوەی پێشوو Do we have contingency plans for the possible horrible developments that may soon unfold and drag our entire region into calamity?

[6] هەمان سەرچاوەی پێشوو Iraq's unity and territorial integrity are gradually becoming a fairy tale. We have to wake up to this reality and do something, because Iraq's integrity is as important for Turkey as it is for the peoples of that country and for the entire region.

[7] http://www.turkishdailynews.com.tr/article.php?enewsid=26871 We all are instilled with a fear about Kurds one day separating the Southeast from the rest of the country. This fear is such an integral part of the national psyche that not only Turkish citizens of Kurdish descent but all Kurds come under serious suspicion. The Kurds in northern Iraq have also received their share of the blame. Some of us believe that if an independent Kurdish state is established in northern Iraq, Kurdish brethren in Turkey's Southeast or Kurdish nationalists in Turkey will take courage from their brothers in northern Iraq to seek independence themselves. This scenario is not too extreme. There is a possibility it will come to pass. However, all the steps we have taken to prevent the realization of this scenario until now were limited to military measures.

پاشان هەروەك هەر نووسەرێكی دیكەی تورك پێ لەسەر بۆچوونێكی بێبناخە دادەگرێت: خوارووی ڕۆژهەڵات هەروەها بە بازرگانیی دەبەسترێتەوە بە باكووری ئێراقەوە. ئەگەر دەروازەی خاپوور ماوەیەكی باشی درێژ دابخەیت، باكووری ئێراقیش و خوارووی ڕۆژهەڵاتیش لە برسان دەمرن.[8]

هەرچۆنێك بێت مهمەد عەلی بیراند لە درێژەی وتارەكەیدا باس دەكات كە نە سوننە و نە شیعە، نە ئێران و نە سووریا هیچیان دۆستی كورد نین یان ناتوانن لە درێژخایاندا لە كورد نێزیك بن. هەر توركەكان لە كوردەوە نێزیكن و لە ئاییندەشدا هەر ئەوان دەتوانن و دەیانەوێت كوردەكان بپارێزن.

ئێردالْ شەفەق لە ژێر ناوی "ناوی باكووری ئێراق و سەرناوی بارزانی" لە ڕۆژنامەی "توركیش پرێس" دا دوو وتاری لاو كراوەتەوە، لە یەكەمەیاندا دەڵێت:

"باشە، بە دەستوورەكە چی گۆڕدراوە؟ كۆمەڵێك شت...

یەكەم، دەبێت خۆمان بەو گوتنە ڕابێنین: ناوی دراوسێیەكەمان ئیتر كۆماری ئێراق نییە، بەڵكو كۆماری ئێراقی فیدراڵە.

هەروەها، دۆخی باكووری ئێراق سیفەتێكی ڕەسمیی یان دەستووری دراوەتێ. ئێستا پێی دەگووترێت دەولەتی فیدراڵی كوردستان، كە ئالایەك، پەرلەمانێك، حوكمەتێك، هێزی ئاسایش، سیستەمی دادوەریی، و تەنانەت ئابووریەكی جودای خۆیشی هەیە.

لەوەش زیاتر، دەستووركەی خۆی جێی دەستووری ئێراق دەگرێتەوە. یاسایەك كە لە پەرلەمانی كوردیی دەربكرێت بەرزتر و لە سەروو دەستووری ئێراق دەبێت. بە واتایەكی دیكە، حوكمەتی ئێراق دەستەڵات و توانای یاسایی لەو هەرێمەدا نییە (ماددەی ٥٣ لە دەستووری نوێ). واتە، كوردستان ئیتر ناوچەیەكی عەرەب نییە.

هەروەهاش، كاتێك كە دەستوور كاری نەڕوات یاخود سەرپێچی تێدا بكرێت، بەشە فیدراڵەكە مافی هەیە جودا بێتەوە و ئازادی خۆی بەیان بكات.

هەموو ئەمانە بەو مانایە دێن كە پەیمانی سایكس پیكۆ ١٩١٦ لە نێوان بەریتانیا و فەڕەنسا بۆ ماشینەوەی پاشماوەی عوسمانی خەریكە دەست پێ دەكات. ئەو نیزام و دەوڵەتانەی لە خۆرهەڵاتی ناوەندا لەسەر بناخەی ئەم ڕێككەوتننامەیە دامەزراون وا دەلەقێن.

تێبینیكاری خاوەن ڕووانگەی ژیر و ریئالیستی دەبینێت كە ئێراقیش هەروەك لوبنان دەكەوێتە شەڕێكی ناوخۆییەوە، پاشان هەروەك یۆگۆسلاڤیا دابەش دەكرێت. جێی خۆیەتی لەگەڵ ئەو شیاوكاریەدا خۆمان ڕا بهێنین.

لەو دۆخەدا، ئایا كەڵلەڕەقیی ئەنكەرا لە ددان نەنان بە وڵاتێكی وەك كوردستاندا بێ لە ئێران و سووریا هیچ هاوپشتێكی دیكەی دەبێت؟

دیارە كە ئەگەر توركیا لەسەر هەمان سیاسەت بجمێت، ئەوا ناتوانرێت داوەتی سەرۆكی حوكمەت (سەرەكوەزیران)[9] مەسعود بارزانی بۆ ئەنكارا بكرێت[10].

---

[8] هەمان سەرچاوەی پێشوو The Southeast also exists on commerce with northern Iraq. If you close the Habur border gate long enough, both northern Iraq and the Southeast will starve.

[9] لە جیاتی سەرۆكی هەرێم نووسیوەیەتی سەرەكوەزیران

[10] http://www.turkishpress.com/news.asp?id=76733 The Name Of Northern Iraq And Barzani’s Title

Well, what has changed with the constitution? A number of things... First, we should get used to saying: our neighbor’s name is no longer the Republic of Iraq, but the Federal Republic of Iraq. Moreover, the situation in northern Iraq has received an official or constitutional basis. It’s now called the Kurdistan Federate State, which has a separate flag, parliament, government, security forces, judicial system, and even a separate economy. Furthermore, its constitution supercedes Iraq’s constitution. Laws adopted in the Kurdish Parliament will be over and above Iraq’s constitution. In other words, the Iraqi government lacks authority and legality in that region (Article 53 in the new constitution). That is to say, Kurdistan is not an Arab territory any more. And also: when the constitution cannot function or is violated, the federate has the right to part and declare its freedom. All this means that the 1916 Sykes-Picot treaty between Britain and France meant to parcel the Ottomans’ inheritance has begun to be breached. The order and countries established in the Middle East in line with this agreement has begun to crack. Observers with common sense or realistic views believe that Iraq will be swept up in a civil war like Lebanon, and then will be divided like Yugoslavia. We should get used to that possibility. In that case, can Ankara’s insistence on not recognizing a country like Kurdistan find any supporters other than Syria and Iran? It is clear that if Turkey maintains that policy, then Federate Kurdistan Prime Minister Massoud Barzani cannot be invited to Ankara

لە وتارەکەی دیکەیدا لە "تورکیش پرێس" کە هەمان ڕۆژ بە بەشی توانجەوە بڵاو کراوەتەوە باسی ئەوە دەکات کە پلانی ئەمەریکا لە پشتگیری کردنی تورکی قوبرس و داوەتکردنی مهمەد عەلی تەلعەتی سەرۆکی ئەوێ بۆ ئەمەریکا لەسەر حیسابی ئەوە دەبێت کە یارمەتی کورد لە باکووری ئێراق بدرێت. پاشان ئەردالْ چوونەدەرەوەی ئەمەریکا لە ئێراق بە شەڕێکی ناوخۆیی و پاشان ئەگەری شیاوی دەوڵەتێکی کوردی ڕوون دەکاتەوە.
هەمان ڕۆژنامە لە وتارێکی فیکرەت بیلا ـ دا باس لە "چاوەڕوانیە ڕەسمیەکانی تورکیا" دەکات لە ئێراق و دەنووسێت: "ئەم دەستوورە زۆر لە چاوەروانیی تورکیاوە دوورە. تورکیا دوو ئامانجی سەرەکیی هەیە سەبارەت بە ئێراق: یەکێتی ئێراق و نەکەوتنی کەرکووکە بۆ ژێر دەستی بەڕێوەبەرایەتی کوردیی. سەبارەت بە ئامانجی یەکەم، ئەنکارا بوونی جەلال تاڵەبانی بە سەرەککۆماری ئێراق پێ باشە لەگەڵ بەشداریی سوننەکاندا لە ڕەفراندمدا. تورکیا وا چاوەڕوان دەکات کە کوردەکان لەبەرئەوەی پۆستی سەرەککۆماریان دەست کەوتووە هەوڵی سەربەخۆیی یەکسەری نەدەن. ئەگەرچی سوننەکان لە هەڵبژاردنیشدا بەشداری نەکەن، ئەوا لانی کەم ویستی خۆیان دەربڕیوە. ئەنکارا سوننەکان وەك 'کەتیرە' لە بەینی سوننە و کورددا دەبینێت، لەبەرئەوەیە ئەنکارا دەیەوێت سوننەکان لە هەڵبژاردنەکانئ مانگی دووانزەدا بەشدار بن... ئەنکارا دژ بە خستنی کەرکووکە بۆ ناو بەڕێوەبەرایەتی کوردیی. بەهەرحاڵ، دەستوور ئاماژە بە ڕەفەراندمێك لە کەرکووك لە ساڵی ٢٠٠٧ دا دەکات. ئەوەش دەزانرێت کە باری دێمۆگرافیی کەرکووك بە قازانجی کوردەکان گۆڕدراوە. لەم حاڵەتەدا ڕەنگە کەرکووك بخرێتە سەر بەڕێوەبەرایەتی کوردیی. ئامانجی تازەی ئەنکارا سەبارەت بە کەرکووك ئەوەیە کە پەرلەمانی نوێ لە پاش هەڵبژاردنی مانگی دووانزدە ناوەڕۆکی دەستوورەکە بگۆڕیت. ئەنکارا چاوەڕوانە کە هەموو نیگەرانیەکانی بە گۆڕانکاریەکی لەو شێوەیە چاك دەکرێتەوە، بەڵام جێگای پرسیارە کە ئەم چاوەروانییە تا کویا لەگەڵ ئەم دۆخەی ئێستادا ڕیئالیستی دێتەوە. ئەنکارا هەروەها بیردەکاتەوە کە تورکمانەکانی ئێراق "یەکێتی ئامانج" بۆ خۆیان پێك بێنن. تورکمانەکان دەبێت هاوئامانج بن ئەگەرچی سەر بە پارت و ڕێکخراوی جیاوازیش بن. لەم بارودۆخ و چاوەڕوانیانەدا زەحمەتە بۆ ئەنکارا ئامانجەکانی خۆی سەبارەت بە ئێراق بپێکیت"[11].

هەڵبەتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری زۆر زێدەتری سیاسی چووە وەك لە سەلام و چاکوچۆنیکردنێك، هەروەك ئەوەش گرینگ پۆشینی جلوبەرگی کوردی و بە کوردی ئاخاوتنی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە لە چەقی تێڕامانی سیاسەتی جیهانیدا. کاریگەریی سیمبولیکی ئەمە لە جەختکردن لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی کورد بە ڕوونیی دیارە. پاشان گورج سەرخۆشیکردن لە شاری سلێمانی و خەڵکی کوردستان و لە جەلال تاڵەبانی وەك سەرەککۆمار دژ بە کارە تێرۆریستیەکەی

---

[11] http://www.turkishpress.com/news.asp?id=75748 This constitution is far from Ankara's expectations. Turkey has two basic goals concerning Iraq: Iraq's integrity and not putting Kirkuk under the Kurdish administration. On the first goal, Ankara favors Kurdish leader Jalal Talabani's being Iraq's president and Sunnis' participation in the referendum. It expects that Kurds, having the presidency, won't seek immediate independence. Even if the Sunnis refused to participate in the referendum, they have declared their will. Ankara thinks the Sunnis can be the 'glue' between the Shiite Arabs and Kurds. That's why Ankara wants them to participate in the December parliamentary elections. How realistic is it to expect that Sunnis, who formed the base of the Saddam administration to a great extent, will function as a 'bridge' with Shiites, who expect to enter office following the Saddam era and so aren't part of the insurgency, and the Kurds, who are the closest friends of the US?
Ankara envisaged a special status for Kirkuk. It was buttressing this view with the thesis that all the Iraqi people own its natural resources. It was against putting Kirkuk under Kurdish administration. However, the constitution voted on envisaged a referendum in Kirkuk in 2007. It's also known that Kirkuk's demographic makeup was changed in favor of the Kurds. In this case, Kirkuk might be attached to the Kurdish administration. Ankara's new goal concerning Kirkuk is that the new parliament following the December elections will change the draft constitution. Ankara expects that all of its concerns will be addressed with such changes, but it's questionable how realistic this expectation is due to current conditions. Ankara also thinks that a 'unity of goals' should be established for Iraq's Turkmen, that is, the Turkmen should work for the same goal even if they belong to different parties or organizations. Under these circumstances and expectations, it's difficult for Ankara to fulfill its goals concerning Iraq.

"ئەنساروئیسلام"، کاری سیاسی ورد و باش ئەنجام دراون، کە حەتمەن دەبێت درێژەیان پێ بدەین و باشتریشیان بکەین.